# ﴿بەیاننامەی ناڕەزایی ڕۆژنامەنووسانی گەرمیان دژی پەلاماردانی بارەگاکانی یەکگرتوو لەبادینان﴾

ئێمە ڕۆژنامە نووسانی گەرمیان بەتوندی پەلاماردانی دەزگا و بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیی لەدەڤەری بادینان و سوتاندن و تالآن کردنی ئەم بارەگایانەو کوشتن و بریندارکردنی ژمارەیەك لەئەندامانی حیزبەکە مەحکوم دەکەین و بەسەرەتایەکی ترسناکی بۆکوشتنی جیاوازی وفرەیی لەکوردستاندا و زاڵکردنەوەی لۆژیکی هێز بەسەر هێزی لۆژیکدای دەبینین .

ڕاستە ئێمە زۆرینەمان بەبیروباوەرو تێڕوانینمان تەواو لەیەکگرتووی ئیسلامی جیاین بەلآم پێمان وایە ئەم هێزە بەلیستی سەربەخۆی لەهەڵبژاردنەکاندا مافێکی سادەو سەرەتایی خۆی مومارەسەکردوە کەدەبێت لە پێناوی گەڕاندنەوەی ماناو ناوەرۆکدا بۆ گەمەی دیموکراسی لەکوردستان پێشوازی لێبکرێت ،چونکە ئەگەر دەنگدان مافی سروشتی هەرئینسانێکە ئەوالیستی سەربەخۆش بۆ هەڵبژاردن مافی سەلمێنراوی هەر لایەن وقەوارەیەکی سیاسیە ،هەروەك دەبێت هەموو جیاوازیەکانیش لەڕێگای گفتوگۆو یەکترقبوڵ کردنەوە یەکلایی بکرێنەوە.

ئێمە جارێکی تر ئەم هێرشە ناڕەوایانە ئیدانە دەکەین و داوا لە ئیدارەی هەولێر دەکەین بە پەلە تاوانباران دەست نیشان بکرێن و بدرێنە دادگاو بگەنە سزای عادیلانەیان و ڕێگاش لەهەرچەشنە دوبارە بونەوەیەکی ئەم جۆرە ڕوداوانەش بگیرێت کەمەترسیەکی گەورەیە لەسەرپڕۆسەی دیموکراسی وگۆڕان لەم ولآتەداو دەبێتە هۆی بێمتمانەییەکی قووڵی هاولآتی لەهەڵبژاردن و سنوقەکانی دەنگدان .

<u>ڕۆژنامە نووسان:</u>

﴿ جەزا محەمەد-ئازاد عوسمان-مەجید ساڵح- مەلا تەحسین گەرمیانی- محەمەد حسێن- ڕێبین تەها-ئەرکان محەمەد ڕەشید-شیلان محەمەد-سروە جەوهەر-جوان ئەحمەد-جیهان محەمەد-بڕیار محەمەد- حەمید عەلی-لاوان ئەحمەد-محەمەد عەلی وەلی-عابد عەبدولڕەحمان-عادل حسێن- ڕەحمان عەلی ڕەمەزان -شیلان ڕۆژبەیانی-دلێرعەبدولڕەحمان-فەریق حەمە ساڵح-عەدنان سەید حسێن - والی محەمەد-پەیمان ئەمین-سۆران پالآنی-گەرمیان حەمەخان- ئاسۆ قادر- عوسمان حەمەلەك- سوعاد حاتەم- ڕێباز عەلی حەسەن- هێمن بابان ڕەحیم- بیلال سەعید-ئیبراهیم سدیق-ئەمیر حاجی شەریف جمور-چالاك عەبدول باقی-نەسرین ئەحمەد-سەباح عەلی جاف - ئەحمەدساڵح-کاروان مەجید – هاوار محەمەد-ئازاد حەسەن-بیستون ژاڵەیی﴾

ڕۆژنامەنووسانی گەرمیان

2005/12/8